Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# گۆڕانی دیمۆگرافی و ئاسایشی نەتەوەیی

## شیکارییەک بۆ لێکەوتە و کاریگەرییەکانی هاتنی هاوڵاتییانی عەرەب بۆ هەرێمی کوردستان

ئارام سەعید

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

## پێشەکی:

لەکاتێکدا دەنگۆی مەترسییەکانی هاتنی هاوڵاتییانی عەرەب بۆ هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی "هەڕەشە بۆسەر دیمۆگرافیا و کولتوور" یان "هەڵمەتی تەعریبی نوێ" وێنا دەکرێت، پێویستە بە دیدێکی زانستی و واقیعیانە لەم دیاردەیە بڕوانین. ئەم گوتارە، کە زۆرجار لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا گەشە دەکات، تەنها کاردانەوەیەکی سۆزداری نییە؛ بەڵکو گوزارشتێکە لە برینە سارێژنەبووەکانی رابردوو کە هێشتا لە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستاندا رەنگدانەوەی هەیە، یان ترسە لە پاشەکشەی بیری نەتەوەیی بەرامبەر بە گوتارە ئایدۆلۆجییەکان.

سەرەڕای ئەمە، هەندێکجار ئەم گوتارە لە مۆدێلی "راستڕەوە توندڕەوەکانی ئەوروپا" دەچێت، کە کۆچبەر دەکەنە قوربانی و سوتەمەنییەک بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییە بنەڕەتییەکانی حوکمڕانیی خۆیان. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، لەڕووی ستراتیجی و ئابوورییەوە، گەر بە ئاگایی یان بێئاگایی بێت، رەنگە بچێتە خانەی "گوتاری رق" و دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستانە.

ئەم شیکارییە هەوڵدەدات بە دیدێکی بابەتییانە، رەهەندە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دیاردەیە لەتەک یەکتردا شیبکاتەوە. ئامانج لێرەدا جەختکردنەوەیە لە سەر گرنگیی پێکەوەژیان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی بە دیدێکی کراوە، نەک داخراو. هەروەها، لەرێگەی لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی وڵاتانی تر و جیاکردنەوەی دڵەڕاوکێی رەوای دیمۆگرافی لە بانگەشە سیاسییەکان، هەوڵدەدەین نەخشەڕێگەیەک بۆ پاراستنی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینێکی زانستییەوە دابڕێژین.

## ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کولتووری:

## رەهەندی کولتووری: ئاڵنگاریی کرانەوە و دژواریی رەگەزپەرستی

پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەمەیە: بۆچی ناوبەناو لە بەرامبەر کلتورێکی تردا، هەست بە هەڕەشەیەکی دەروونی دەکەین؟ ئایا ناسنامەی کوردی هێندە لاواز و ناسکە کە بە تێکەڵاوبوونێکی ئاسایی یان کاتی، بناغەکانی لەق ببن؟

راستییەکەی ئەوەیە، کولتوور دیاردەیەکی زیندوو و دینامیکییە؛ تەنها ئەو کلتورانە بەرەو مەرگ دەچن کە خۆیان لە قاڵبێکی داخراودا زیندانی دەکەن و رێگە لە هەناسەدانی گۆڕانکاریی دەگرن. کلتورێکی خاوەن ریشە و متمانە، توانای هەرسکردن و کارلێک و ئاڵوگۆڕی هەیە، بێئەوەی رەسەنایەتیی خۆی لەدەست بدات. ئەو ترسەی لە سەکۆکانی سۆشیال میدیادا بە بەرزی دەبیسترێت، لە راستیدا نیشانەی لاوازیی کولتوور ئێمە نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی کێشە سیاسی و دەروونییەکانی تاکە کە بە هەڵە ئاڕاستەی "ئەویتر" دەکرێت. بێگومان، ئەم دڵەڕاوکێیە لە مێژووی تراژیدیی ئێمەدا رەگی هەیە، کە پڕە لە سیاسەتی تەعریب و تواندنەوە، بەڵام نابێت جیاوازی نەکەین لە نێوان "سیاسەتی سیستماتیکیی دەوڵەتێک بۆ قڕکردنی ناسنامە" و "جووڵەی ئاسایی مرۆیی بە هۆکاری ئابوری".

لێرەدا دژوارییەکی ئەخلاقیی گەورە سەرهەڵدەدات: گەلێک کە بۆ چەندین دەیە قوربانیی شۆڤێنیزم و راگواستن بووە و ئێستاش ملیۆنان کوردی تاراوگە لە ئەوروپا بەدەست رەگەزپەرستیی راستڕەوەکانەوە دەناڵێنن، چۆن دەکرێت لێرەدا هەمان ئەو مۆدێلە فکرییە دژ بە عەرەب بەکار بهێنێتەوە؟ کارڵ پۆپەر لە تێزی "پارادۆکسی لێبوردەیی"دا زۆر بە وردی دەڵێت: "لێبوردەیی بێسنوور ئەگەر بەرامبەر بەوانە بێت کە نالێبوردەیی بڵاودەکەنەوە، ئەوا کۆتایی بە لێبوردەیی خۆی دێنێت." ئەم تێزە بەو مانایەیە کە بێدەنگبوون لە ئاست گوتاری رق و فاشیزمی نوێ، تەنانەت ئەگەر بە بیانووی پاراستنی کولتووریش بێت، ریشەی پێکەوەژیان لە هەرێمەکەماندا وشک دەکات.

لەبەرامبەردا، ڤۆڵتێر لێبوردەیی وەک پێویستییەکی مرۆیی دەبینێت و دەڵێت: "هەمووومان هەڵەکارین؛ با لە هەڵەی یەکتر خۆش بین، ئەمە یەکەم یاسای سروشتە." بۆیە گوتاری رق، بە هەر پاساوێک بێت، نەک هەر کولتووری ئێمە ناپارێزێت، بەڵکو وێنەیەکی نەرێنی و ناشیرینیش لەسەر هەرێمی کوردستان لە ئاستی جیهانیدا دروست دەکات.

## مەترسییەکانی گۆڕانی دیمۆگرافی و بەعەرەبکردن: دڵەڕاوکێیەکی ڕەوا

## دڵەڕاوکێی دیمۆگرافی؛ لە برینە مێژووییەکانەوە بۆ تێڕوانینی ستراتیجی

نکۆڵیکردن لە دڵەڕاوکێی دیمۆگرافی و ترسی گەڕانەوەی سیاسەتی "تەعریب"، بەتایبەت لە ناوچە کێشەلەسەرەکان و شارەکانی هەرێم، نادیدەگرتنی ڕاستییە تاڵەکانی مێژووی ئێمەیە. ئەو ترسە تەنها کاردانەوەیەکی کاتی نییە، بەڵکو گوزارشتە لە برینێکی قوڵ کە سیاسەتی ڕاگواستن و سڕینەوەی ناسنامە لە ڕابردوودا لەسەر جەستەی کۆمەڵگەی کوردی بەجێی هێشتووە. نیگەرانیی ئەمڕۆی تاکەکەسیش، پەیوەستە بەو "ترسە مێژووییە" کە ڕەنگە هەر ئەو سیناریۆیانە دووبارە ببنەوە و قەڵەمڕەوی ناسنامەی کوردی لە ناوچەکانیدا بەرەو کاڵبوونەوە بچێت. بێگومان، وەڵامدانەوەی ئەم دڵەڕاوکێیەی جەماوەر، پێویستی بە گوتارێکی سیاسیی خاوەن دید و ستراتیجییەکی حکومیی پتەوە، نەک تەنها دەربازبوون لەڕێگەی گوتاری سۆزداری یان ڕق و کینەی بێ ئاکام.

### پاراستنی کولتووری کوردی؛ لە چوارچێوەیەکی کراوەوە

بەرگری لە ڕەسەنایەتیی کولتووری کوردی، هەرگیز بە مانای گۆشەگیری و دژایەتیکردنی "ئەویتر" نییە. پێچەوانەکەی ڕاستە؛ کولتووری بەهێز و خاوەن متمانە، ئەوەیە کە دەتوانێت لە کایە مرۆییەکانی جیهان سوود وەربگرێت و کارلێک بکات، بێ ئەوەی لە بناغەکانی خۆی دابڕێت. پاراستنی کولتوور بە مانای قەتیسکردنی لە قاڵبێکی داخراودا نییە، بەڵکو بریتییە لە گەشەپێدان و نوێکردنەوەی لە پەیوەندییەکی زیندوودا لەگەڵ جیهاندا. مێژووی گەلەکەمان، مێژووی پێکەوەژیان و لێبوردەییە، ئەم بەهایانە دەبێت بنەمای مامەڵەکردنمان بن لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان. کولتووری کوردی بە مێژووی پڕ لە بەرگریی بە زمان و بەها مرۆییەکانی، هێزێکی ناوەکیی هەیە کە دەتوانێت وەک قەڵغانێک لە بەرامبەر هەر هەوڵێکی تواندنەوەدا ڕاوەستێت؛ مەرجی سەرەکیش بۆ ئەم هێزە، مانەوەی ئێمەیە لەسەر ڕێچکەی کراوەیی و دوورکەوتنەوە لە گوتاری ڕق و کینە.

## ئەزموونی نێودەوڵەتی؛ خوێندنەوەیەک بۆ ئاڵنگارییەکانی دیمۆگرافی

بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەم ئاڵنگارییانە و ئەو دۆخانەی کە لە ئەنجامی شەپۆلی کۆچ و گۆڕانی پێکهاتەی دانیشتووان دروست دەبن، پێویستە چاو لە ئەزموونی وڵاتانی تر بخشێنین و بزانین چۆن توانیویانە لە نێوان "پاراستنی پێکهاتەی دیمۆگرافی" و "جووڵەی مرۆیی"دا هاوسەنگی دروست بکەن:

### 1. ئەزموونی لوبنان: پاراستنی هاوسەنگی لەڕێگەی ڕێکاری توندی یاساییەوە

لوبنان بەهۆی پێکهاتەی ئاڵۆزیی ئایینی و مەزهەبییەوە، یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەردەوام ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێی دیمۆگرافی بووەتەوە. ترسی سەرەکیی دەوڵەتی لوبنان لە تێکچوونی هاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکانە، بەتایبەت بەهۆی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی پەنابەرانی فەلەستینی و سووریی، لەم پێناوەدا، لوبنان کۆمەڵێک یاسای توندی بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی بیانییەکان لە کڕینی موڵکدا داناوە:

قەدەغەکردنی موڵکداریی پەنابەران: بەپێی یاسای ژمارە (296)ی ساڵی 2001، کڕینی موڵک لەلایەن هەر کەسێکەوە کە هەڵگری ناسنامەی وڵاتێکی دانپێدانراو نەبێت، بە تەواوی قەدەغەیە. ئامانجی ئەم بڕگەیە ڕێگریکردنە لە "نیشتەجێبوونی هەمیشەیی" (TAWTIN) کە لە لوبناندا وەک هەڕەشەیەکی ستراتیجی بۆ سەر ناسنامەی نیشتمانی سەیر دەکرێت.

ڕێکاری مۆڵەتی پێشوەختە: هەر بیانییەک کە ئارەزووی کڕینی موڵکی هەبێت، ناتوانێت بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختەی ئەنجومەنی وەزیران دەست بە مامەڵەی کڕین بکات. ئەمە وادەکات دەوڵەت کۆنترۆڵێکی وردی لەسەر جووڵەی سەرمایەی بیانی لە کەرتی خانوبەرەدا هەبێت.

سنووردارکردنی ڕێژەی موڵکداری: یاساکانی لوبنان ڕێژەی خاوەندارێتیی بیانییان لە هەر ناوچەیەکدا بە تەواوی دیاریکردووە؛ بۆ نموونە، نابێت کۆی گشتی ئەو موڵکانەی لەلایەن بیانییانەوە لە سنووری یەک قەزادا کڕراون، لە (3%)ی کۆی ڕووبەری ئەو قەزایە تێپەڕ بکات.

ئەم ئەزموونەی لوبنان ئەوە نیشان دەدات کە "پاراستنی دیمۆگرافی" نەک تەنها گوتارێکی سۆزدارییە، بەڵکو پێویستی بە داڕشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی توندە کە سەروەریی خاکی وڵات و هاوسەنگیی دیمۆگرافی لە بەرامبەر شەپۆلی کۆچدا بپارێزێت.

## 2. ئەزموونی سەنگافوورە: ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی وەک بنەمای ئاشتیی نێوخۆیی

سەنگافوورە لە بەڕێوەبردنی فرە نەتەوەییدا وەک نموونەیەکی بێوێنە لە جیهاندا دەناسرێت. سەرکەوتنی ئەم وڵاتە لەوەدایە کە "پێکەوەژیان"ی بە ڕێکەوت نەسپاردووە، بەڵکو لەڕێگەی دەستێوەردانی یاسایی و پلانی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتییەوە، ئاڕاستەی کردووە.

ڕووبەڕووبوونەوەی گۆشەگیریی نەتەوەیی: حکومەتی سەنگافوورە زۆر زوو تێگەیشت کە ئەگەر ڕێگە بە دروستبوونی گەڕەکی تایبەت بە نەتەوەکان (GHETTOIZATION) بدرێت، یەکڕیزیی نیشتمانی لە مەترسییەکی گەورەدا دەبێت. هەر بۆیە، دەوڵەت "سیاسەتی تێکەڵبوونی نەتەوەیی" (EIP)ی وەک بناغەیەک بۆ سیاسەتی نیشتەجێبوون دانا.

سیستمی ڕێژەی کۆتای نەتەوەیی: لە یاسای نیشتەجێبوونی سەنگافوورەدا، ڕێژەی دیاریکراو بۆ هەر پێکهاتەیەک (چینی، مەلایو، هیندی) لەهەموو باڵەخانە و کۆمەڵگە نیشتەجێبوونەکاندا دیاریکراوە. ئەم ڕێکارە بە شێوەیەکی کردەیی کار دەکات؛ ئەگەر ڕێژەی نەتەوەیەک لە باڵەخانەیەکدا گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەوڵەت بۆ پاراستنی هاوسەنگیی دیمۆگرافی دیاریکردووە، ئەوا فرۆشتن یان بەکرێدانی شوقە بەو نەتەوەیە لەو باڵەخانەیەدا بە شێوەیەکی کاتیی ڕادەگیرێت.

ئەنجامی ستراتیجی: ئەم یاسایە نەیهێشتووە هیچ نەتەوەیەک لە ناوچەیەکدا ببێتە زۆرینەی ڕەها. بەڵکو وایکردووە گەڕەکەکان بە شێوەیەکی سروشتی تێکەڵاو بن. ئەم شێوازە لە حوکمڕانی، پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی لە "دابڕانی جوگرافی"یەوە گۆڕیوە بۆ "تێکەڵاوی لە ڕۆژانە"دا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا قەڵغانێکە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە تەنگژەیەکی نەتەوەیی.

سەنگافوورەر پێمان دەڵێت کە "ئاشتیی کۆمەڵایەتی" تەنها بە بانگەشە نایەتە دی، بەڵکو پێویستی بە پلانێکی وردی شارسازیی و یاسایەکی حەکیمانە هەیە کە ڕێگە نەدات جیاوازییە نەتەوەییەکان ببنە هۆکاری دابەشبوونی کۆمەڵگە.

## 3. ئەزموونی وڵاتانی کەنداو: ستراتیجیی " بە نیشتمانیکردنی کار" و پاراستنی خاک

وڵاتانی کەنداو، وەک سعوودیە و ئیمارات، توانیویانە لەڕێگەی دەستێوەردانی راستەوخۆی دەوڵەتەوە، ئەو لێشاوە گەورەیەی بیانییەکان رێکبخەن کە هەڕەشەی راستەقینەیان بۆ سەر ناسنامەی نیشتمانی و هاوسەنگیی دیمۆگرافی دروست کردبوو. سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە لە سێ کۆڵەکەی سەرەکیدا دەبینرێت:

سیاسەتی "تەوتین" یان نیشتمانیکردنی کار: ئەم وڵاتانە چیتر لە هەموو سێکتەرێکدا پشتیان بە هێزی کاری بیانی نەبەست. ئەوان بە یاسا کۆمەڵێک پیشەی دیاریکراویان تەنها بۆ هاوڵاتیانی خۆیان تەرخان کرد (سعوودیەکردن و ئیماراتیکردنی کەرتی کار). بەمە توانییان گەنجانی خۆماڵی لە پەراوێزەوە بهێننە ناو سێکتەری ئابوری و پشت بەستنیان بە بیانییەکان بە رێژەیەکی بەرچاو کەمبکەنەوە.

هەڵوەشاندنەوە و رێکخستنەوەی "کەفالەت": سیستمی کۆنی "کەفالەت"ی کە رەهەندێکی نەشیاوی کارگێڕیی هەبوو، گۆڕدرا بۆ سیستمی مۆدێرنی گرێبەستی کار. لەم سیستمە نوێیەدا، پەیوەندیی نێوان بیانییەکان و وڵاتەکە لەسەر بنەمای پێویستیی ئابورییە، نەک مانەوەی بێمەرج. هەر کاتێک گرێبەستەکە کۆتایی هات، ئەو بیانییە دەبێت وڵاتەکە بەجێ بهێڵێت. ئەمە رێگرە چینی "نیشتەجێبوونی هەمیشەیی" کە لە ئایندەدا دەکرێت ببێتە بارگرانیی دیمۆگرافی، دروستببێت.

پاراستنی خاوەندارێتیی خاک: لەڕووی نیشتەجێبوونیشەوە، رێساکان بە توندی کۆنترۆڵکراون. وڵاتانی کەنداو رێگەیان نەداوە بیانییەکان بە ئارەزووی خۆیان خاوەنی خاک بن. موڵکداریی بیانی سنووردار کراوە تەنها بۆ ناوچە دیاریکراوەکانی وەبەرهێنان؛ ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەوڵەت "خاک" وەک سیمبولی سەروەریی نیشتمانی دەپارێزێت و ناهێڵێت کەرتی خانووبەرە ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیی وڵاتەکە.

### وانەیەک بۆ هەرێمی کوردستان:

ئەزموونی کەنداو بە ئێمە دەڵێت: دەوڵەت دەسەڵاتی ئەوەی هەیە رێگە نەدات بازاڕی ئازاد بکرێتە هۆکاری لەدەستدانی ناسنامە. ئەگەر هەرێمی کوردستان بیەوێت لە ئاڵنگاریی دیمۆگرافی رزگاری بێت، دەبێت سیاسەتی "رەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجی کورد" بکاتە ئەولەویەت و موڵکداریکردنی بیانییەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی وەبەرهێنانی راستەقینەدا بە یاسا کۆنترۆڵ بکات.

### ٤. ئەزموونی ئەوروپا: تێپەڕاندنی "کۆمەڵگەی هاوتەریب" و گرنگیی یەکگرتوویی

وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەت فەرەنسا و ئەڵمانیا، لەدوای شەپۆلە گەورەکانی کۆچ، رووبەڕووی ئاڵنگارییەکی قووڵ بوونەتەوە کە بریتییە لە دەرکەوتنی "کۆمەڵگەی هاوتەریب" (PARALLEL SOCIETIES). لەم دۆخەدا، گرووپە کۆچبەرەکان لە ناو وڵاتەکەدا دەژین، بەڵام لەڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە خۆیان لە بەهاکانی نیشتمانیی وڵاتی خانەخوێ دابڕیوە؛ ئەمەش وەک هەڕەشەیەکی ستراتیجی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت.

سیاسەتی یەکخستنی کولتووری (INTEGRATION POLICIES): ئەوروپا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە، تەرکیزی خستووەتەسەر سیاسەتێکی توندوتۆڵی یەکخستن. ئەمەش تەنها بانگەشە نییە، بەڵکو ناچارکردنی کۆچبەرانە بە فێربوونی زمان و خولی ئاشنابوون بە بەهاکانی وڵات. هەروەها دەوڵەت دابەشکردنی جوگرافیی کۆچبەرانی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی رێگریی لە دروستبوونی "گێتۆی داخراو" بکات و کۆچبەران ناچار بن لەگەڵ خەڵکی ناوخۆ تێکەڵ بن.

### خوێندنەوەی یاسایی بۆ هەرێمی کوردستان:

ئەم ئەزموونانە، مەرج نییە وەک خۆیان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن، چونکە ئێمە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کار دەکەین. ماددەی (23/3/أ)ی دەستوور مافی موڵکداری بە هەر هاووڵاتییەکی عێراقی دەدات و ماددەی (44)یش ئازادیی گەشت و نیشتەجێبوون فەراهەم دەکات. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەرێمی کوردستان دەستەوەستان بێت.

هەرێم وەک قەوارەیەکی دەستووری کە خاوەنی پەرلەمانی خۆیەتی، دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە دەرەنجامی ئەو ئەزموونانە، "یاسای ناوخۆیی" دابڕێژێت. کاتێک باس لە ئەزموونی وڵاتان دەکەین، ئامانجەکەمان ئەوەیە کە بسەلمێنین "دڵەڕاوکێی دیمۆگرافی" دیاردەیەکی جیهانییە و هەر دەوڵەتێک بەپێی تایبەتمەندیی خۆی ڕێکاری یاسایی داناوە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە ڕێکارگەلی وەک:

1. تۆمارکردنی جووڵەی دانیشتووان لە ئاستی کارگێڕیدا
2. بەهێزکردنی مەرجەکانی بەدەستهێنانی مافی نیشتەجێبوون بەپێی یاسای بەرکار
3. پلاندانانی شارسازی کە ڕێگریی لە قەتیسبوونی پێکهاتەیەک لە ناوچەیەکدا بکات

ئەم ڕێکارانە دژ بە دەستوور نین، بەڵکو ڕێکخستنی کارگێڕیین بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سنوورە دەستوورییەکانی هەرێمدا.

## ڕەهەندی سیاسی و پێویستییەکانی حوکمڕانی باش:

هەندێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە کە ناڕوونیی پەیوەندییە مێژوویی و دەستوورییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بۆشاییەک دروستدەکات کە دەکرێت وەک "کارتێکی فشاری ستراتیجی" دژ بە هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت. بە گوتەی ئەم چاودێرانە، لێشاوی هاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور بۆ ناو شارەکانی هەرێم، لەداهاتوودا واقیعێکی دیمۆگرافی دروست دەکات کە لە دانوستانە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکاندا، دەنگی دانیشتووانی ناوچەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی نا-کوردی دەبات.

## حوکمڕانیی باش؛ تاکە وەڵامی ستراتیجی

ترس لە تەعریبی نوێ یان لاوازبوونی قەوارەی هەرێم، بە گوتاری ڕق یان داخستنی سنوورەکان چارەسەر نابێت؛ بەڵکو تاکە دەرچەی ڕزگاربوون، پیادەکردنی "حوکمڕانیی باش" (GOOD GOVERNANCE) و سەروەریی یاسایە. حکومەتی هەرێم لەڕێگەی کاراکردنی دامەزراوەکانەوە دەتوانێت ئەم ترسە بڕەوێنێتەوە:

شەفافییەتی کارگێڕی: حکومەت دەبێت لە سیاسەتی نیشتەجێبوون و وەبەرهێناندا خاوەن پلانێکی شەفاف بێت. نەبوونی ستراتیجییەکی روون، ژینگەیەک بۆ گەشەی گومان و گوتاری نەرێنی دەڕەخسێنێت.

سەروەریی یاسای یەکسان: هەر رێسایەک دەبێت بە یەکسانی بەسەر هەموو دانیشتووانداجێبەجێبکرێت، بەبێ رەچاوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی یان ئایینی. ئەمە متمانە بە دامەزراوەکان بەهێز دەکات و هەر جۆرە هەوڵێک بۆ بەکارهێنانی نیشتەجێبوون وەک "ئەجێندای سیاسی" پووچەڵ دەکاتەوە.

## ئاڵنگاریی ئاین و ناسیۆنالیزم

لە نێو ئەم دۆخەدا، هەندێک لایەنی سیاسی هەوڵ دەدەن دڵەڕاوکێ رەواکانی خەڵک لەبارەی ناسنامەی نەتەوەیی بە لاڕێدا بەرن. ئەوان بە ناوی "ئاینەوە" گوتارێک پەرە پێدەدەن کە تیایدا "ئاین پێش نەتەوە" دەخەن و هەر نارەزایەتییەک بەرامبەر بە گۆڕانی دیمۆگرافی بە "رەگەزپەرستی" تۆمەتبار دەکەن. ئەمە لە راستیدا پەردەپۆشکردنی ئەجێندایەکی سیاسییە کە ئامانج لێی بێدەنگ کردنی دەنگی نیشتمانییە.

لەڕووی فیکرییەوە، پێویستە ئەم تێگەیشتنە هەڵە راست بکرێتەوە کە ناسیۆنالیزم و ئاین دژ بەیەکترن. ناسیۆنالیزمی گەلێکی بندەست وەک کورد، کە خاوەنی مافی رەوای پاراستنی بوون و کەسایەتیی خۆیەتی، هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ بەها مرۆییەکانی ئاییندا نییە. مێژووی ئیسلام خۆی لەسەر بنەمای فرە-نەتەوەیی (کورد، عەرەب، فارس، تورک) بووە و هەرگیز سڕینەوەی ناسنامەکان ئامانجی نەبووە.

ئەرکی حکومەت و ناوەندە رۆشنبیرییەکان ئەوەیە، نیشتمانپەروەری وەک بەشێکی دانەبڕاو لە "کەرامەتی مرۆیی" لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا جێگیر بکەن. کاتێک نیشتمانپەروەری وەک ئامانجێکی باڵای مرۆیی بناسرێت، ئەوکات ترس لە "ئەویتر" نامێنێت و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە پارێزەری پێکەوەژیان، نەک هۆکاری تێکدانی.

## ڕەهەندی ئابوری:

## ڕەهەندی ئابوری؛ لە بارگرانییەوە بۆ بزوێنەری گەشەپێدان

مێژووی ئابوری سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە جووڵەی مرۆیی – چ وەک گەشتیار، وەبەرهێنەر، یان هێزی کار – یەکێکە لە بزوێنەرە هەرە سەرەکییەکانی بوژانەوەی بازاڕ و گەشەی ئابووری. لە دوای ساڵی 2014 و پەرەسەندنی ناسەقامگیری لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، هەرێمی کوردستان بۆتە مەنزڵگەی جووڵەی سەرمایە و لێشاوی مرۆیی؛ ئەم دۆخە کاریگەرییەکی چەقێنراوی لەسەر ئابوریی هەرێمی کوردستان هەبووە کە بەمشێوەیە شیکاریی دەکرێت:

### 1. بوژانەوەی کەرتی خانووبەرە و وەبەرهێنان:

ئەم لێشاوە، سەرمایەیەکی نەختینەیی زۆری هێناوەتە کەرتی بیناسازیی و بازرگانیی موڵک. ئەمە نەک تەنها بوژانەوەی بەم کەرتە بەخشیوە، بەڵکو زنجیرەیەک هەلی کاری بۆ کرێکاران، ئەندازیاران و خاوەنکارانی خۆماڵی ڕەخساندووە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەستەی وەبەرهێنان، زیاتر لە 44 هەزار هاووڵاتیی ناوەڕاست و باشووری عێراق یەکەی نیشتەجێبوونیان لە هەرێم کڕیوە؛ ئەمەش وەک بزوێنەرێکی ئابوری دەستی بە بەرهەمهێنانی چەندین پڕۆژەی نیشتەجێبوون کردووە و جوڵەیەکی خێرای بە سەرمایە نەختینەییەکان داوە.

### 2. گەشەی کەرتی گەشتوگوزار و ئابوریی بەکاربەر:

هەرێمی کوردستان بەهۆی ئارامی و سروشتەکەیەوە، گۆڕاوە بۆ ناوەندێکی سەرەکیی گەشتوگوزار. هاتنی گەشتیارانی عەرەب، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، سەرچاوەیەکی هەمەجۆری داهاتە بۆ هەزاران خێزانی کورد لە کەرتی چێشتخانە، هۆتێل، گواستنەوە و بازاڕەکاندا. ئامارەکانی سەرۆکی پێشووی دەستەی گەشتوگوزار (ئەمەل جەلال) لە 17-7-2026، ئەم گەشەسەندنە دەسەلمێنن:

- ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی 2021 (4,189,596) گەشتیار بووە و لە ساڵی 2023 گەیشتووەتە (7,279,913) گەشتیار.

- ئاستی بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران لە ساڵانی 2024 و 2025 پارێزراوە.

- رێژەی دەستی کاری ناوخۆیی لەم کەرتەدا گەیشتووەتە (85.96٪)؛ کە ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە، چونکە لە کۆی (21,325) کارمەند، (18,332)یان کارمەندی ناوخۆیین و تەنها (2,993)یان بیانین.

ئەم ئامارانە دەیسەلمێنن کە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزاری زیاد دەکات، کە ئەمە لە ئابوریدا بە "ئابوریی بەکاربەر" ناسراوە و بە ستراتیجێکی گونجاو، دەبێتە پاڵپشتیی بەهێزی بەرهەمهێنانی خۆماڵی.

## 3. سەرمایەی مرۆیی و کەرتی تەندروستی:

جگە لە سەرمایەی ماددی، هاتنی پسپۆڕ و کارامەییەکان لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان، وەک "سەرمایەیەکی مرۆیی" دەردەکەوێت. ئەم پسپۆڕانە لەو بوارانەدا کار دەکەن کە هەرێم پێویستی پێیەتی. لەلایەکی تر، سەرەڕای قەیرانی کەرتی تەندروستیی گشتی، کەرتی تەندروستیی تایبەت لە هەرێم گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە؛ بەو پێیەی ژمارەیەکی زۆری نەخۆشانی باشوور و ناوەڕاست بۆ چارەسەر روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن. ئەمە نەک تەنها داهاتی ئابوری زیاد دەکات، بەڵکو لایەنێکی مرۆیی گرنگی هەیە و هەرێم وەک ناوەندێکی خزمەتگوزاری لە عێراقدا دەردەخات.

## دەرەنجام:

ئەو لایەنە ئابورییانەی کە لەم شیکارییەدا خرانەڕوو، دەریدەخەن کە هاتنی هاوڵاتییان بۆ هەرێمی کوردستان لە ئاستی میللیدا وێنەیەکی ئەرێنی دروست دەکات؛ وێنەی هەرێمێک وەک ناوەندێکی ئارام و ژینگەیەکی دڵگیر کە ڕێز لە تاکەکان دەگرێت. ئەم دۆخە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە کەمکردنەوەی ئەو گرژییە سیاسییانەی کە هەردوولا تێیدا دەژین. ترسی دیمۆگرافی کاتێک لە کۆڵ دەبێتەوە و دەڕەوێتەوە، کە تێبگەین لێشاوی مرۆیی لە جیهانی هاوچەرخدا دیاردەیەکی سروشتییە و پێویستە بە یاسا، ڕێنمایی و ڕێسای نێودەوڵەتی و ناوخۆیی ڕێکبخرێت. هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەڕێگەی پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێنمایی ورد لە مانەوەی هاوڵاتییانی تر، هاندانی وەبەرهێنانی بە ئامانجکراو و چاودێریکردنی بازاڕ، هاوسەنگییەکی پتەو لە نێوان پاراستنی پێکهاتەی نیشتمانی و ڕرکێشانی سەرمایەدا دروستبکات، بەبێ ئەوەی بەهۆی گۆشەگیریی ئابورییەوە تووشی داڕمان ببێت.

مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر قەوارە و داهاتووی هەرێمی کوردستان، هاتنی هاوڵاتییانی عەرەب یان گەشتیاران نییە، بەڵکو لاوازیی دامەزراوەیی، نەبوونی حوکمڕانیی باش و خراپیی دۆخی کەرتی خزمەتگوزارییەکانە. کاتێک دامەزراوەکانی حکومەت بەهێز بن، یاسا سەروەر بێت، ستراتیجیی نەتەوەیی ڕوون بێت و دادپەروەری وەک بنەمایەک کاری پێ بکرێت، هەر لێشاوێکی مرۆیی دەبێتە هۆکاری بوژانەوەی ئابوری و دەوڵەمەندبوونی کولتووری، بەبێ ئەوەی شوناسی سیاسی و دیمۆگرافیی ناوچەکە بکەوێتە مەترسییەوە. گەشەکردنی گوتاری ڕق و دابەشکاریی، ئەو فۆبیایەیە کە پایەکانی پێکەوەژیان لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت.

بۆئەوەی کوردستان وەک ناوەندێکی ئارام، دیموکرات و گەشەسەندوو بمێنێتەوە، پێویستمان بە سێ کۆڵەکەی سەرەکییە: سەروەریی یاسا، بەهێزکردنی ئابوریی بەرهەمهێن، و گوتارێکی میدیایی بەرپرسانە؛ گوتارێک کە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای پابەندبوون بە یاسا و ڕەفتارەکانیان هەڵسەنگێنێت، نەک لەسەر بنەمای نەتەوە و ڕەگەزیان. پاراستنی کولتووری کوردی لە کرانەوە و پێکەوەژیاندایە، نەک لە داخراوی و گۆشەگیریدا، بەڵام ئەم کرانەوەیە دەبێت بە پلان و ستراتیجییەکی تۆکمەوە بێت کە دڵنیایی بداتە هاووڵاتیان لە پاراستنی ناسنامە و مافەکانیان.

دامەزراوەی ڤـیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـی
مؤسســة رؤيــة للدراســات الاستراتيجيــة
Vision Foundation for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq